خوێنی هیچ مسوڵمانێک حەڵاڵ نیە مەگەر بە یەکێک لەم سێ شتە نەبێت

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوێنی هیچ مسوڵمانێک حەڵاڵ نیە مەگەر بە یەکێک لەم سێ شتە نەبێت: زیناکەرێک کە هاوسەرگیری کردبێت، وکوشتنی نەفسێک بەهۆی ئەوەی کەسێکی تری کوشتووە، وئەوەی لە ئایینی (ئیسلام) هەڵبگەڕێتەوە (مورتەد بێت) کە خۆی جیا دەکاتەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردوەتەوە کە خوێنی موسڵمان حەرامە، مەگەر یەکێک لەم سێ کردەوەیە ئەنجام بدات: یەکەم: ئەو کەسەی تووشی زینا بێت، لەکاتێکدا بە گرێبەستێکی دروست ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنابێت؛ ئەوا کوشتنی حەڵاڵە ئەمیش بە ڕەجم کردن. دووەم: ئەو کەسەی نەفسێکی پارێزراو بە ئەنقەست و بە ناهەق دەکوژێت، بە مەرجەکان؛ بکوژ دەکوژرێتەوە. سێیەم: ئەو کەسەی کە لە کۆمەڵی موسڵمانان دەردەچێت: یان بە وازهێنانی لە هەموو ئایینی ئیسلام (بە هەڵگەڕانەوە)، یان بە جیابوونەوە بە بێ هەڵگەڕانەوە؛ بەڵام واز دەهێنێت لە جێبەجێکردنی بەشێک لە ئایینەکە وەکو دەستدرێژکارەکان، و ڕێگرەکان، و شەڕەنگێزانی خەواریج و جگە لەمانەیش.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4714